# ئەم هەنگاوەمان بە تەنها بەس نیە
# دەبێ ئەمە ببێتە سەرەتای کارمان

**گفتوگۆی ئۆکتۆبەر لەگەڵ ئازاد ئەحمەد بەرپرسی کۆمیتەی پشدەرو بتوێنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق‌و یەکێك لە نوێنەرانی خۆپیشاندانی 6/21 ی خەڵکی شاری رانیەو قسەکەری خۆپیشاندانەکە**

**ئۆکتۆبەر: رۆژی 2005/6/21 لە رانیە چی روویدا؟**

ئازاد ئەحمەد: رۆژی 21-6-2005 لە شاری رانیە رۆژیکی ئاسایی نەبوو، لەم رۆژەدا بە پیچەوانەی رۆژەکانی ترەوە هەموو دوکان‌و بازارەکان داخرابوون وخەلك لە دەوری یەکتر کۆبوونەوەو شیعاریان دەوتەوە ودوای ماوەیەك مانەوە لە ناو بازاری سەرەکی رانیەدا بەرەو بەر دەرگای قایمقامیەتی رانیە لە کۆمەلگای فەرمانگەکان بە هەزاران کەس لە خەلکی نارازی شاری رانیە بەرێکەوتن وشیعارو دروشمیان دەوتەوە، لە کۆمەلگای فەرمانگەکانیش تا دەهات خەلك زیاتر کۆدەبوونەوەو لە لایەن حکومەتی هەریمیشەوە بەریوەبەری پۆلیس‌و چەند ئەفسەریکیان ناردبوو بۆ ئەوەی کە خەلکەکە سارد بکەنەوەو بیان نیرنەوە بۆ مالی خۆیان بەلام ئەوان هەر قسەیەکیان دەکرد لەلایەن خەلکەکەوە بە شیعاری — ماستاوە ماستاوە، درۆیە، دزی عەیبە و لەم شیعارانە جوابیان ئەدرایەوە.

دوای ماوەیەك کە نەیان توانی بەم شیوەیە خەلکەکە بی دەنگ بکەن‌و بیان نیرنەوە بۆ مالەوە داوایان لە خەلك کرد کەنوینەر بنیرن بۆ لای قایمقام‌و ئیدارەی شاری رانیە بەلام لە سەرەتادا خەلکەکە رازی نەبوو بەوەی کە نوینەر بنیرن‌و داوایان دەکرد کە قایمقام‌و بەریوەبەری شارەوانی رانیە وباقی مەسئولەکان بین بۆ لای خەلك. بەلام وا دیار بوو کە ئەوان لە خۆیان را نەدەبینی بین بۆ لای خەلکەکە.

دوای ماوەیەك لە لایەن خەلکەکەوە چەندین کەس وەك نوینەر راسپیردران بۆ ئەوەی کە داواو خواستەکان بگەیەننە لای بەرپرسان، کە منیش بۆ خۆم یەکیك بووم لەوان‌و کاتیك چووینە لای قایمقام‌و باقی مەسئولینی حیزبی وحکومی لە رانیە لە سەر داواکاری‌و مافەکانی خەلکی شاری رانیە قسەو باسیکی زۆرمان کردو بە تەواوی ئەوەمان پی سەلماندن کە لە سایەی دەسەلاتی ئەواندا خەلك لە وەزعیکی زۆر ناخۆشدا ژیان بە سەر دەبات وپی داگریمان کرد لە سەر داواکانی خەلك‌و لە کۆتاییدا قایمقام لە بەردەمی ئیمەو چەندین کامیرای تی ڤی‌و رادیۆو جەریدەدا رای گەیاند کە تا یەك مانگی تر هەموو ئەو پرۆژە خزمەت گوزاریانەی کە راگیراون وئەوانەش کە نەکراون دەستیان پی بکەن‌و جیبەجییان بکەن. وە خالی دووەمیش ئەوە بوو کە لە ماوەی چەند رۆژی دوای خۆپیشان دانەکەدا کۆبوونەوەیەکی جەماوەری لە گەل خەلکەکەدا بکەن‌و لەو کۆبوونەوەیەدا لیژنەیەك لە خەلك پیك بهینری بۆ چاودیری‌و موتابەعەی کار وپرۆژە خزمەت گوزاریەکان‌و ئاگادار کردنەوەی خەلك لە چۆنیەتی بەریوە چوونی کارەکان.

بە دوای ئەمەدا نوینەرانی خەلك ومەسئولی کۆمیتەی رانیە چوونەوە لای خەلکەکە وئەنجامی گفتو گۆکە بە خەلك راگەیەنرا ولە ناو چەپلە ریزانی سەرکەوتندا کۆتایی بە خۆ پیشان دانەکە هات. بەلام داخستنی دوکانەکان کەوتە دوای نیوەرۆی 21-6.

شەوی 21 لە سەر 22-6 یش لە کەنالە تەلەفزیۆنیە محلی‌و عالەمیەکانەوە مانگرتن وخۆپیشان دان وگفت وگۆی نوینەرانی خەلك لە گەل دەسەلات داران دا بلاو کرایەوە کە هیندەی تر وەزعەکەی لە قازانجی خەلك گۆری.

**ئۆکتۆبەر: ئەم خۆپیشاندانە چۆن رێکخرا؟ لەسەر بانگەوازی کێ بوو؟ ژمارەی بەشداربووان چەند کەس دەبوو؟ خواستەکانی خۆپیشاندەران بەدیاریکراوی چی بوو؟**

ئازاد ئەحمەد: ژمارەی خۆ پیشاندەران بە هەزاران کەس بوو، وە هەر لە بەیانیەوە هەرچی دوکان وبازاری ناو شاری رانیە بوو داخرابوو کەنزیکەی هەزار دوکان دەبیت.

خەلکی شاری رانیە ماوەیەکی زۆرە کە بە دەست نەبوونی وە یان باشترە بلیم لە کەمترین خزمەت گوزاری بەهرەمەندن، لە لایەکی ترەوە ناعەدالەتیەکی زۆرو گەندەلیەکی ئیداری لە رادەبەدەر وجودی هەیە، هەموو ئیمتیاز وشتیك هەر بۆ مەسئول‌و کەسانی سەر بە حیزبی دەسەلاتدارەو جاددەو ریگاو بانەکانی رانیە تەنها بریتین لە چالی‌و چۆلی‌و رۆژ نیە کە تەرمی چەند کەس بە هۆی خراپی ریگاوبانەوە نەیەتەوە بۆ رانیەو بی ئاوی‌و بی کارەبایی‌و دەیان‌و دەیان پرۆژەو پیداویستی خزمەت گوزاری تر کە هەر هەموویان وەك نان‌و ئاو بۆ خەلك پیویستن‌و تا ئیستا خەبەریك لە دروست کردن‌و جیبەجی کردنیان نیە، لاوان وگەنجانی ئەم وولاتە هەموو خەونەکانیان لە سایەی حکومەتی هەریم خنکاون‌و لە شوینیکی وەك رانیەدا تاکە شوینیك نیە کە لاوان بتوانن خەونەکانیانی تیا بهیننە دی‌و ئەوەی هەیە تەنها هی حیزبەکانە، ئەمانەو چەندین شتی تر، بریتی بوون لە خواست‌و داواکاریەکانی خەلکی راپەریوی شاری رانیە.

بۆ چارەسەری ئەمانە وجیبە جی بوونیان، خەلکی رانیەو سەرجەم چین‌و تویژەکانی تر بە شیوەی جیا جیا لەگەل سەرۆکی حکەومەتی هەریمی یەکیتی‌و باقی مەسئولینی گەورە وبچوکی یەکیتی دا، چەندین‌و چەندین جار قسەیان کردووەو داوای ئەم شتانەیان لی کردوون بەلام نەك هەر جوابیان وەر نەگرتووەتەوە بەلکو زۆر جار بە بزەیەکی گالتە ئامیزانە وەیان بە باس کردنی ئەوەی کە لە وولاتی وەکو صین یش گەندەلی ئیداری هەیەو یان بە خۆدزینەوە لە خواستەکانی خەلك جوابیان

به خەلك داوەتەوەو لەو لاشەوە مەسئولەکان بۆ خۆیان لە سەر حیسابی خەلکی خەریکی کەلەکە کردنی پارەو کۆشك وزیاد کردنی ژمارەی سەیارەکانیان وبەسەر بردنی خۆشترین ژیان بوون. کە ئەمەش خەلکی گەیاندە ئەو قەناعەتەی کە وەختی ئەوە هاتووە کە لە فکری حالی خۆیان دا بن و پەنا بۆ هیزی خۆیان ببەن.

لە شاری رانیە ماوەی چەند سالیکە کۆمەلیك کەسی دلسۆزو خەم خۆر هەن کە لە ژیر ناوی —دەستەی هاوکاری رانیە —دا کار دەکەن و لە زۆر بۆنەدا توانیویانە دەوری خۆیان بگیڕن و مانگرتنی 21-6 یش لە سەر بانگەوازی ئەوان بوو کە لە ریگەی بەیانیکەوە خەلکەکەیان ئاگادار کردەوە، دەلیم مانگرتن چونکە ئەوان تەنها داوای ئەوەیان لە خەلکی رانیە کردبوو کە بۆ ماوەی چەند سەعاتیك بازارو دوکانەکان داخەن، بەلام تووڕەیی و بیزاری خەلك لە دەسەلاتو رەفتارو ناعەدالەتیەکانی حکومەتی هەریم وبەرپرسانیان لە ئاستیك دا بوو کە یەکسەر مانگرتنەکەی کردە خۆپیشاندان.

**ئۆکتۆبەر: ئەنجامی خۆپیشاندانەکە چی بوو؟ ئایا دەکریّ بلّیین کە خۆپیشانەکە بەسەرکەوتن گەیشتو خواستەکانی خەلّك جیّبەجیّ دەکریّت؟ چ شتیّك زامنی ئەمەدەکات؟**

دەتوانم بلیم کە مانگرتن و خۆپیشان دانی رۆژی 21-6 لە رانیە سەرکەوتنی بە دەست هیناوە، بەم دەلیلانەی خوارەوە:

1-خەلك پەیامیکی هەبوو بۆ حکومەتی هەریم و بۆ هەردوو حیزبی دەسەلات دار لە کوردستان کە چیتر رازی نابیت بەرامبەر بە تەخشان و پەخشانی سەروەت و سامانی کوردستان وبردنی بەشی خەلك بۆ خۆیان وحساب نەکردن بۆ خەلك. وە بە شیوەیەکی زۆر گونجاو بە دەسەلات دارانیان راگەیاند کە دەورەی بی دەنگی خەلك تەواو وئینجا نۆرە نۆرەی خەلکە. من پیم وایە ئەمە گەورەترین دەستکەوتی خەلکە لە 21-6 دا.

2-بە دوای خۆپیشان دانەکەدا چەندین پرۆژەی خزمەت گوزاری دەست بە جیبەجی کردنیان کراوەو پەیتا پەیتا وەزیرو بەرپرسی حکومەتی و حیزبی یەکیتی دین بۆ رانیە بۆ کارو پرۆژەی تازەو جیبەجی‌کردنیان. کە ئەمە دەتوانری تەنها بە بەرهەمی خۆپیشان دانی 21-6 حساب بکری.

3-گەرانەوەی ئیرادە بۆ خەلك و پەیدا بوونەوەی باوەری خەلك بە هیزی خۆیان.

4- تەئسیر دانانی خۆپیشان دانی رانیە لە سەر شارو شارۆچکەکانی دەوروبەری و تەنانەت لە سەر هەولیر وسلیمانیش، کە ئەمەش دەتوانم بە وە لیکی بدەمەوە کە رانیە جاریکی تر بوەوە بە دەروازەی راپەرینیکی تر، هەروەك چۆن لە سالی 1991 دا بوو بە دەروازەی راپەرین.

5-...................

سەبارەت بەوەی کە زامن چیە؟ پیم وایە تەنها بەردەوامی دانە بەوەی کە خەلك دەبیت هەمیشە لە مەیدان دا بن.

**ئۆکتۆبەر: کاردانەوەی دەسەلاّتدارانی شار چی بوو؟ هەولّو تەقەلاّی ئەوان بەر لەخۆپیشاندانەکەو دوای خۆپیشاندانەکە چی بوو؟**

ئازاد ئەحمەد: دەتوانم بلیم کە یەکیتی نیشتمانی کوردستان و حکومەتی هەریم قەت تەسەوری ئەمەیان نەدەکرد کە لە رانیە لە رۆژی 21-6 دا رووی دا. بۆیە هەمیشە هەموو مەسئول وکادرە حیزبی و حکومیەکانیان زۆر بە پۆزەوە لە بەرامبەر خەلك ولایەنە سیاسیەکان و هەموو مەسەلەیەکدا قسەیان دەکرد.

بەلام لە رۆژی 20-6 کاتیك بە تەواوی بۆیان معلوم بوو کە رۆژی 21-6 مانگرتن دەبیت، یەکیتی نیشتمانی کوردستان بە مەلبەندی 8ی راپەرین وکۆمیتەو کەرت و ریکخستن و راگەیاندنیانەوەو حکومەتی هەریمیش بە قایمقام وئاسایش و پولیس وهەموو کەنالە ئاشکراو نهینیەکانیانەوە، کەوتبوونە خۆو هەموو هەول وتوانای خۆیان خستبووە گەر بۆ ئەوەی کە بە وەعد وبەلین بیت یان بە شیعارو قسەی بە باقو بریق بیت ویان بە هەر جۆریك بووە نەیەلن مانگرتن روو بدات. کە نەك هەر نەیان توانی بەر بەمە بگرن بەلکو مانگرتنەکە خۆپیشان دانیکی گەورەو کەم وینەی لی کەوتەوە کە بە قسەی هەموو لایەك هەژاندوونی.

حەز دەکەم لیرەدا شتیك باس بکەم کە دەرخەری ئەوەیە کە چەندە حیساباتی یەکیتی وحکومەتی هەریمەکەیان هەلەیە. لە شەوی 21/20 دا لە کەنالی رانیەی تی ڤی یەکیتی نیشتمانیەوە مەسئولی کۆمیتە ی- ی ن ك — وبەریوەبەری شارەوانی رانیە هاتنە سەر تەلەفزیۆن و ویستیان بە وەعدو قسەی بریقەدار خەلك سارد بکەنەوەو مەسئولی کۆمیتە ووتی — رانیە قەلای سەوزی یەکیتیە و داوا لە هەموو ئەندام و لایەنگرانی یەکیتی لە رانیە دەکەم کە لە مانگرتنی 21-6 بەشدار نەبن. بەلام لە رۆژی 21-6 دا تەنها 2 دوکان هەبوون کە هەردووکیان هی ئەندام کۆمیتەیەکی یەکیتی و مەسئولی کەرتی کاسب کارانە لە کۆمیتەدا، کە ئەویش بە سەدان کەس لە بەردەم دوکانەکەی دا کۆبوونەوەو بە شیعاری -دایخە دایخە- خستیانە ژیر گەورەترین فشارەوە.

ئیتر ئەمە پیچەوانەی ئەوە بوو کە ئەوان بۆی چوو بوون، وەختیك رانیە قەلای تۆ بیت دەبیت بەم قسەیە لانی کەم نیوەی لە گەلتا بیت.

بەلام واقیع لە رۆژی 21-6 دا ئەوە بوو کە نەك هەر مانگرتن کرا بەلکو خۆپیشان دانیکی کەم وینەش کرا.

لە دوای خۆپیشاندانەکەی 21-6 یش، حکومەتی هەریم نەك هەر لە رانیە بەلکو لە قەلادزی و چوارقورنەو لە پاریزگای سلیمانی و زۆربەی شارو شارۆچکەکانی تر کەوتۆتە خۆی ولە هەولی جیبەجی کردنی پرۆژەو کۆبوونەوە کردنە لە گەل خەلکدا تا بەر بگری بە تەشەنە سەندنی ئیعتیرازی خەلك وتەنانەت خەبەری لابردنی چەندین بەرپرسیش هەیە لە شارو شارۆچکەکان ولە هەمان کاتدا فشاریك کە بە هۆی خۆپیشاندانی 21-6 ەوە دروست بووە، لە هەموو ئەو ناوچانەی ناوم بردن و لەوانە لە شاری رانیە بە تایبەتی، دەستیان کردووە بە جیبەجی کردنی پرۆژەی خزمەت گوزاری.

**ئۆکتۆبەر: چۆن دەکریّ بەر بە گەندەلّیی ئیداری و تالاّن وبرۆی داهاتی خەلّك و چلّیسی بەرپرسان بگیریّت؟**

ئازاد ئەحمەد: وا هەست دەکەم کە لە ژێر سایەی حکومەتی هەریم وئەوانەی کە ئەمرۆ لە کوردستاندا دەسەلاتدارن بنبر کردنی گەندەلی ئیداری قورسە، چونکە گەندەڵیو تالاَنو برۆو ناعەدالەتی بەشێکە لە سروشتی دەسەلاَتی ئەوان. بەلام بە گرتنە بەری چەند ریگاو شوینیك دەکری تارادەیەکی زۆر کەم بکریتەوە، وەك:

1-پیك هینانی لیژنەیەك لە نوینەرانی خەلك، کە ئەم لیژنەیە کاری بریتی بیت لەوەی کە چاودیرو سەرپەرشتی کەری کارەکان بیت. هەلبژاردنی ئەم لیژنەیەش لە ریگەی کۆری جەماوەری وکۆبوونەوەی خەلکی گەرەكو چینو تویژەکانی وەك لاوانەوە دەبیت.

2-ئاگادار کردنی خەلك لە بری داهاتو لە سەرچاوەی داهات، لە لایەکی ترەوە ئاگادار کردنی خەلك لە چۆنیەتی صرف کردنی ئەم داهاتانە.

3-سزادانو دوور خستنەوەی ئەوانەی کە دەستیان هەیە لە گەندەلیو بە تالان بردنی داهاتی کوردستاندا.

4-.........

**ئۆکتۆبەر: هەنگاوەکانی ئایندەتان چیە؟**

ئازاد ئەحمەد: بۆ ئاینده کۆمەلیك بەرنامەو کارمان لە بەر دەست دایە کە بەکورتی بریتیە لەوەی دەمانەوی بە شیوازی جۆراو جۆر ئەو هاتنە مەیدانەی خەلك لە رۆژی 21-6 بەردەوام بیت وخەلك لە ریگەی بەردەوام خستنە گەری ئیرادەی خۆیەوە نەیەلیت جاریکی تر باجی بی دەنگی بداتەوە.

لەو کارانەش کە بە دیاری کراوی دەیکەین بریتیە لە پیك هینانی ئەولیژنە جەماوەریەی لە کۆبوونەوەی نوینەرانی خەلك لە گەل حکومەتی هەریم کراوە، سازدانی کۆری جەماوەری هەم بۆ گوی گرتن لە داواو خواستەکانیان وە هەم بۆ ئاگادار کردنیان لە چۆنیەتی موتابەعەو وەلامی دەسەلات داران ودروست کردنی کۆرو دەستەی جۆراو جۆر بۆ ئەوەی کە بتوانن لە داواکردن وموتابەعەی داواو مافەکانی خەلکدا دەور بگیرن.

**ئۆکتۆبەر: هاوری ئازاد تۆ وەك نوینەری خەلك لە خۆپیشان دانی رۆژی 21-6 دا، پەیامو بانگەوازت چیە بۆ خەلکی رانیەو هەموو خەلکی کوردستان؟**

ئازاد ئەحمەد: پەیامی من بۆ خەلك ئەوەیە کە 14 سالە ئیمە لە ژیر باری نەبوونی وناعەدالەتی وگەندەلی ئیداریو شەرو ئاوارەییو نەبوونی جاددەو ریگاو بانو یاریگاو ئاوو کارەباو چەندینو چەندین کیشەی تردا دەژین، هۆیەکەی تەنهاو تەنها ئەوە بووە کە خۆمان لە بەرامبەر مافەکانی خۆماندا بی دەنگ بووینو لە خۆمانمان نەپرسیوەتەوە. بە مانایەکی تر ئیمە باجی بی دەنگی مان داوە.

ئەو هەنگاوەی لە رۆژی 21- 6دا نامان هەنگاویکی گەورە وکەم وینە بوو، وە حەتمەن دەوری بەرچاوی دەبیت لە بەدی هینانی بەشیك لە داواو مافەکانمان، بەلام ئەم هەنگاوەمان بە تەنها بەس نیە ودەبیت ئەمە ببیتە سەرەتای کارمانو لە داهاتوودا هەمیشە دەبی لە مەیدان دا بین بۆ ئەوەی لە ژیانیکی ئینسانیو شایستەدا بژین.

تا ئیستا بە برو بیانووی جۆراو جۆر بەشی هەرە زۆری سەروەتو سامانی کوردستان لە لایەن دەسەلات دارانەوە بە تالان براوە ولە لای خۆیان کەلەکەیان کردووەو لە بەرامبەر ئیمەدا جاریك بە ناوی ئەوەی حکومەتمان ساوایەو جاریکی تر بە ناوی ئەوەی شەری ناوخۆیەو جاریکی تر بە ناوی پارەمان نیەو ئیستاش گەندەلی ئیداریەکەیانو برو بیانووی لەم چەشنە خەلکیان فریو داوە، بەلام هەروەك لای هەموان ئاشکرایە کە سەروەتو سامان ئەوەندە زۆرە کە بەشی هەموو شتیك دەکات. ئەم سەروەتو سامانە هی خەلکەو دەبیت بۆ خەلك صرف بکریتو دەبی خەلکیش چاودیری چۆنیەتی صرف کردنەکەی بکات.

هەر بۆیە بانگەوازی خەلك دەکەم کە خۆیان لە دەستەو کۆرو کۆمەلی جۆراو جۆر دا ریك بخەنو کۆتایی بهینن بەم پەرشو بلاویەی کە تا ئیستا هەبووە.

هەروەها دەمەوی ئەوە بلیم کە حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق پشتیوانیکی گەورەی خەلکی ستەم دیدەو بی بەشەو هەمیشە لە ریزی پیشەوەی خەباتو نارەزایەتیەکانتان راوەستاوەو بانگەوازتان دەکەم کە بە ریزەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراقەوە پەیوەست بن تا بەم شیوەیە بتوانین تەواوی مەینەت وکویرەوەریەکانمان لەریشەوە کۆتایی پی بهینینو دنیایەکی جیاوازو خۆشتر لە دنیای ئەمرۆ، دنیایەك کە شایستەی ئینسانی سەدەی بیستو یەکەم بێت، بە دی بهێنین.